www.kurdistannet.org
29-1-2006 17:47بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەڵگرێکی بڕوانامەی دکتۆرا وماستەرێک دەیانەوێت فۆرمی بێکاری پڕ بکەنەوە. .. د. ئاوات محمد ئەمین

چەند ڕۆژێكە خەڵكێكی زۆر دەیانەوێت خۆیان ناونوس بكەن وەك بێكار، وە ڕێژەیان ئەوەندە زۆرە سەرسوڕهێنەرە، لەناو ئەمانەدا چەندێكیان ڕاست دەكەن وچەندێكیان بە پێچەوانەوە ئەوە بابەتێكی ترە، بەڵام ئەم ژمارە زۆرە چی دەگەیەنێت؟ بێگومان ئاماژەیە بەوەی كە خەڵكێكی زۆر هەیە لەم شارەدا وهەزارەهای تریش تا ئێستا نەچوونەتە پێش دانەمەزراون ودەیانەوێت دابمەزرێن، شایانی باسە ئەو خەڵكەی كە داوای دامەزراندن دەكەن هەموو ئاستەكانن خاوەن بڕوانامە وكەسانێكیش وەك دەڵێن ڕەش وسپی لەیەك جیا ناكاتەوە.

ئەم دیاردەیە ئەمڕۆ جێی قسە وباسە لە سلێمانیدا، ولەراستیشدا كارێكی چاكە گەر بەراستی بەرجەستە بكرێت تاوەكوو یارمەتیەك بێت بۆ خێزانە هەژار وكەم دەرامەتەكان، وهەوڵێك بێت لەبەردەم دادپەروەری كۆمەڵایەتی، وبنەبڕكردنی دەردی هەژاری شەكەت كەر كە بەداخەوە ئەڵێم هەژار لەم وڵاتەدا هەمیشە وەك بەردەبازە وابووە بۆ كەسانێك كە نەیان ویستووە تەنانەت پێڵاوەكانیشیان تەڕ ببێت، وبەگشتیش دەڵێن هەژار تەنانەت بەلای سەگیشدا بڕوات پێی دەوەڕێت بە پێچەوانەی دەوڵەمەندەوە كە كلكە لەقەی بۆ دەكات.

لەمە بەدواوە دەمەوێت زۆر بەكورتی ئاماژە بە حاڵەتێك لە نێو دەیەها حاڵەتی تردا كە خۆم لە نزیكەوە ئاگام لێیە دەخەمە ڕوو بۆ هەموو خوێنەران، وپاشتریش بە زنجیرە چەند باسێك سەبارەت بەك حاڵەتە بەیان دەكەم.

سەرەتا ئەڵێم لەوانەیە لای هەندی كەس ئەم ڕاستیەیی كە باسی دەكەم سەرسوڕهێنەر بێت، بەڵام ئەم وڵاتە شوێنی شتە سەرسوڕهێنەرەكانە، حاڵەتەكەش زاتی نوسەری ئەم وشانەیە، وپەیوەندیشی بە پێشەكی ئەم پارەگرافەوە لەوەدایە كە ئەویش بەداخەوە ئەڵێم بێكارە ودەیەوێت دابمەزرێت، بەڵام. . بەڵام. . . بەڵام.

ئەم نوسەرەی كە ئەم وشانە دەنوسێت ئەمڕ هیچ كارێكی نییە، وە شایانی باسە هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرایە لە فیكری سیاسیدا، وە زیاتر لەسی مانگە لەهەوڵدایە تاوەكوو دابمەزرێت لە زانكۆی سلێمانی ولەو كایە گرنگەدا ڕۆڵی خۆی ببینێت وخزمەت بە ڕۆڵەی ئەم میللەتە بكات بەڵام بەداخەوە ئەمانە هیچی ڕووی نەداوە ولەژێر بیانووی جۆراو جۆردا كە بەڕاستی هیچیان مەنتیقی نین، بەڵكو هەمووی بڕیاری سیایە كە ئەو ناوەندەی وەك كایەیەكی سیاسی لی كردووە، چونكە جەنابی كاك دكتۆر عەلی تۆفیق كە یەكێكە لە دامەزرێنەرەكانی زانكۆی سلێمانی جارێك بەیەكێك لە دكتۆرەكانی فەرمووو: پێویستمان بە ڕاژەت نییە، بۆ هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرا هەڵەیەكی گەورەیە، وێڕای ئەوەی كە زانكۆ پێویستیەكی زۆری هەیە بە مامۆستایی خاوەن بڕوانامە، یان لەوانەیە ئێمە بەدوورین لەم دەزگا وكایە زانستییە ئێستا تەنها پرۆفسیۆر وەربگرن ودایبمەزرێنن، بۆیە ئێمە دكتۆرامان هەیە مافمان نییە داوای دامەزراندن بكەین لەم دەزگادا بەڵكو دەبێت وەك بێكارێك فۆرم پڕ بكەینەوە.

لەڕاستشدا ئێستا لەگەڵ خێزانەكەم كە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە مێژوودا گەر ئاسان بێت بۆمان فۆرمی بێكاری پڕ دەكەینەوە. ئیتر سوباس وئەم باسانەش قسەی زۆری لە دوایە وهەوڵ دەدەم بە زنجیرە باسیان بكەم.